# سەفەری رۆح

کاوەی خەسرەوکاوانی



ئەمشەورۆحم
دەیەوێت سەفەرێك سازکاو
یەکجاری بێتەلای رۆحت و
بەجەشنی حەزرەتی ئیدریس
لەبەهەشتی عیشقی تۆدا نەیێتەدەر,
ئەمشەولە وەلآتی دلّت
دەمەوێت من ببمە پاشاو
تاجەپیرۆزەی عیشقی تۆ
بەیەکجاری بکەمەسەر,
دەهەستە تا هێشتا زووە
دەرگاکانی ژیانی خۆت
بەسەرنائومێدی داخە ,
دە پانتایی هیواییێکی
رووناکایی لەسەرفەرشی
ژینی بێ ئومێدتا راخە,
رەنگ بێت زۆرجارهیواکانی
خۆشەویستی لەگەلّ خۆمان
هەلّبگرین هەتاکوژێرخاك ,
بەلآم هەرگیز لەناوگۆرِیش
لەگەلّمان جیانابێتەوە و
عیشق لەمەرگ بەهێزترەو
لەدەست نادات رووخساری پاك.